Ministry of Higher Education and Scientific research

**بەش: جوگرافیا**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: سەلاحەدین / هەولێر**

**بابەت : جوگرافیای عێراق**

**پەرتووکی کۆرس – قۆناغی سێیەم– کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا : م.ی خولە حمەرشید عمر**

**ساڵی خوێندن: 2023 -2024**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | جوگرافیای عێراق |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | خەولە حمەرشید عمر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | جوگرافیا/ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل Khawlah.omer@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 0750 4959284 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | 3 |
| 6. ژمارەی کارکردن | سێ ڕۆژ |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | /https://academics.su.edu.krd/ khawlah |
| 9. وشە سەرەکیەکان | ناوچەی چیایی. ناوچەی نیمچە چیایی. بانی ڕۆژئاوا. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە): گرنگی بابەتەکە لەوەدایە کە قوتابی ئاشنا دەکات بە جوگرافیای عێراقی فیدراڵ.
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە: لە ڕێگەی وشە سەرەکیەکان و پێکهاتەی مادەکەوە قوتابی دەتوانێت لە وانەکە باش بگات.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

یەکەم: ئاشنابوونی قوتابیان بە جوگرافیای عێراق لە ڕووی پێگەکەیی و شوێن و چۆنیەتی دروستبوونی.

دووەم: خستنە ڕووی سروشتی عێراق لە باکورەوە تاوەکو باشور، لە ڕۆژئاواوە تاوەکو ڕۆژهەلات، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو دیاردە سروشتیانەی کە لە ناوچە جیاوازەکاندا هەیە.

## 12. ئەركەكانی قوتابی:

1-پێویستە لەسەر قوتابیان زانیاری پێویست کۆبکەنەوە لە ژێر ڕێنمایی مامۆستای بابەتدا لەسەر لایەنە هەمو جۆرەکانی جوگرافیای عێراق و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی.

2-پێوستە قوتابی پێش ئەوەی بێتە ناو پۆل بابەتەکەی خوێندبێتەوە و لەناو پۆلدا گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا و قوتابیانی هاوپۆلدا بکات.

3-پێویستە قوتابی لە پۆلدا ئامادە بێت بۆ ئەوەی لە مادەکە باش تێبگات و ئامادەی هەر تاقیکردنەوەیەکی لە ناکاو بێت.

## 13. ڕێگەی وانە ووتنەوە :

**یەکەم:بەکارهێنانی تەختەی ناو پۆل.**

**دووەم: بەکارهێنانی داتاشۆ و لە ڕێگەی دروستکردنی سلایدی پێوست و نمایشکردنی.**

**سێیەم: ناچارکردنی قوتابی بە بەشداریکردن و ئەنجامدانی چالاکی تایبەت بە پسۆریەکە.**

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن :

تاقیکردنەوەکان یان ئەزموونەکان: **ئەنجامدانی** تاقیکردنەوەی مانگانە، کویزەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (پریزەنتەیشن)، ڕاپۆرت نووسین، ووتار نووسین یان ئامادەنەبوونی خوێندکار لە پۆلدا.

## 15. ئەنجامەکانی فێربوون :

**ئەم بابەتە قوتابی توانادار دەکات کە لە ڕەوشی جوگرافی و ئابووری عێراق باش تێبگات، ئەمەش یارمەتی دەدات کە لە بازاڕی کاردا هەلی کاری بە ئاسانتر دەست بکەوێت.**

## 16. لیستی سەرچاوە


- جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية، د. جاسم محمد خلف.
- جغرافية العراق أرضاً وسكاناً وموارده الاقتصادية، د. خطاب صكر العاني.
- العراق الشمالي دراسة لنواحييه الطبيعية والبشرية، د. شاكر خصباك.
- الأسس الطبيعية لجغرافية العراق، د. جاسم محمد خلف.
- جغرافية العراق دراسة إقليمية، د. محمد أزهر السماك وآخرون.

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| • هەفتەی یەکەم: پێگەی عێراق (پێگەی سترۆنۆمی سەبارەت بە وشکانی و ئاو).<br>• هەفتەی دووەم: شوێنی عێراق سەبارەت بە نیشتمانی عەرەبی.<br>• هەفتەی سێیەم: پێشکەوتنی جیۆلۆجی و کاریگەریەکانی لەسەر ڕووی عێراق.<br>• هەفتەی چوارەم: بەشەکانی ڕووی زەوی عێراق (ناوچەی چیای پێچاوپێچی ئاڵۆز).<br>• هەفتەی پێنجەم: ناوچەی پێچاوپێچی سادە (نا ئاڵۆز).<br>• هەفتەی شەشەم: گرنگترین دەشتەکانی ناوچەی چیایی.<br>• هەفتەی حەوتەم: ناوچەی نیمچە چیایی (ناوچەی دەشتی شەپۆلاوی).<br>• هەفتەی هەشتەم: ناوچەی دەشتی نیشتوو.<br>• هەفتەی نۆیەم: تایبەتمەندی بەشەکانی دەشتی نیشتوو.<br>• هەفتەی دەیەم: ناوچەی بانی ڕۆژئاوا.<br>• هەفتەی یازدەم: بەشەکانی ناوچەی بانی ڕۆژئاوا.<br>• هەفتەی دوازدەم: ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا لە عێراق.<br>• هەفتەی سێزدەم: هەرێمەکانی ئاو و هەوا لە عێراق.<br>• هەفتەی چواردەم: جۆرەکانی خاك لە عێراق.<br>• هەفتەی پانزەم: چالاکی ئابووری لە عێراق (کشتوکاڵ لە عێراق). | **ناوی مامۆستا:**<br>**م.ی.خولە حمەرشید عمر**<br>**3 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا.**<br>2024 - 2023 |

## 18-تاقیکردنەوەکان

**پرسیاری یەکەم: هۆکاری هەژاری خاکی عێراق بە مادەی ئەندامی و دەوڵەمەندی بە سوێری بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

وەڵام: هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری سروشتی کە بریتیە لە بە هەڵمبوونی ئاوی ئاودێری و نیشتنی خوێ لە سەر ڕووی خاکەکەی، هەروەها هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری مرۆیی کەئەویش بریتیە لە خراپی ئاودانی بەروبوومەکان زیاتر لە پێداویستی زەوی کشتوکاڵی پاشان کەڵەکەبوونی خوێ لەسەر خاك.

پرسیاری دووەم: وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

بانی کەرکوك ئەو بانەیە دەکەوێتە نێوان ناوچەی چیا بەرزەکان لەلای باشوری ڕۆژئاوای وە نێوان دەشت و زنجیرە چیاییەکان لەلای باکوری ڕۆژهەڵات؟

**وەڵام: هەڵەیە.**

**پرسیاری سێیەم:** بەراورد بکە لە نێوان یەکێك لەمانەی خوارەوە:

1-هەرێمی ئاو و هەوای وشك و گەرم لە هاوین و هەرێمی ئاو وهەوای بیابانی گەرم.

2- ناوچەی ڕێژگە و ناوچەی زەلکاوەکان.